# هونەری فەڕشفرۆشتن لەسەر شێوازی ئەمریکایی

بەختیار کەریم



"کە فەرمانڕەوایەک هەوڵی زیاتر سنووردارکردنی ئازادیی دەربڕین دەدات، خەڵکی شێلگیرانەتر پێ لەسەر ئەو ئازادییە دادەگرن، بێگومان تەنها ئەو چاوبرسی، شایەر و کەڵلەپووتانە نەبێت کە بڕوایان وایە ڕزگاربوونی باڵا بریتیە لە پڕکردنی گەدەیان و تریقانەوە بەسەر توورەکەی پارەکانیانەوە."
سپینوزا لە تێزە "ثیۆلۆجیکۆ-پۆلیتکۆ"کانیدا

"لەڕاستیدا لێرە (لە ئەمەریکا) ئازادیی بوونی هەیە....کۆمارەکە وەهمێکی بێتام نیە، ئەو ڕاستییەی کە نە دەوڵەتی نەتەوە هەیە و نە دابونەریتێکی ڕاستەقینەی نەتەوایەتیی کەشوهەوای ئازادیی دەخوڵقێنێت..."
هانا ئارێنت لە نامەیەکدا بۆ کارڵ جاسپەر
1964/01/29

سەرسامبوون بە ئەمریکا شتێکی نوێ نییە. ئەلێس دی تۆکیوڤێل بۆ لێکۆڵیەنەوە لە سیستەمی زیندان لە ئەمریکا لەلایەن حکومەتی فەڕەنسییەوە نێردرا، بەڵام کە گەڕایەوە سەرسامبوون بە ئەمریکا بووە هەوێنی فراژانی یەکێک لە گرنگترین ئەو تێکستانەی لەسەر ئەمریکا و بەدیاریکراویی لەسەر دیمۆکراسی ئەمریکیی نووسراون. هانا ئارێنت وەک "بوونێکی جولەکە"، وەک ژنێکی جولەکەی بێ نیشتیمان لە ئەڵمانیای نازی و کامپی تواندنەوەوە پەنای بردە بەر ئەمریکای بێ نەتەوە و سەرسامبوون بە ئەمریکا گەیاندییە ئەو دەرئەنجامەی کە دەکرێت دەوڵەت بەبێ ناشیونالیزم/ئەهریمەن بەرجەستەی ئازادیی بکاتەوە. فرانز کافکا لە یەکەمین ڕۆمانیدا کە وەک "کافکای لاو" نووسیویەتی و پاش مەرگی بڵاوبۆتەوە بەناونیشانی "ئەمریکا" وەکی تر ناسراوە بە "ئەو پیاوەی بێسەروشوێن بوو" بەشێوازە تایبەتییەکەی خۆی تێکەڵ بە جۆرێک لە کۆمیدیای کافکایی، کاراکتەری ڕۆمانەکەی "کارڵ ڕۆزمان" و هەموو مرۆڤە "بەدفەڕەکان" ناچاردەکات بەردەوام جەخت لە بێگوناهی خۆیان بکەنەوە لەبەردەمی فیگۆرێکی تەلیسماوی دەسەڵاتدا. دەشێت ئەو فیگۆرە خودی ئەمریکا بێت بەڵام بەتێگەشتنێکی کافکاییانە، دەسەڵاتێک کە بەردەوام چاوی لێمانە و ئێمەش دەبێت بێگوناهی و دڵسۆزی خۆمان نوێبکەینەوە. بەرلەوانە بگرە تا هەنووکەش ئەمریکا زەمینی خەونە گەورەکانە بۆ هەزارەها پەنابەر. ئەگەر ئێستا ئەوروپا پەناگەیەکی لەباربێت بۆ "لافاوی پەنابەران"، ئەوا ڕۆژگارێک کە جەنگ جەستەی ئەوروپای هەنجن هەنجن کردبوو ئەمریکا پەناگە و زەمینی هاتنەدی گشت خەونەکان بوو. دەکرێت بڵێین ئەمریکا تا ئەم ساتەوەختەش کیشوەرێکی نەدۆزراوەیە، مەتەڵێکی هەڵنەهێنراو و پرسیارێکی لە تێڕامان یاخییە. لەم

نووسینەدا سەرنجێک لە سەرسامبوونی سەرکردایەتیی کورد و ڕۆشنبیرەکانیان بە ئەمریکا دەدەین، سەرکردایەتییەک کە بە گووتەی ئەمریکیەکان وەک فەڕشفرۆش سیاسەت دەکەن. بە تێڕامان لە بێدەنگیی ئەو چەند مانگەی سەرکردایەتی سیاسی و نێوەندی ڕۆشنبیریی کورد لەسەر دۆزی دکتۆر کەمال و بە دەنگهاتنی لەناکاویان هەوڵدەدەین لە بوونی گرگنی ئەم سەرکردایەتییە قەڵانشینە و ڕۆشنبیرە هۆتێلنشینەکان تێبگەین. بەڵام با سەرەتا بپرسین ئەمریکا چییە؟ پرسیارێک بەر لە وەڵامدانەوەی مەحکومە بە قەدەری گرێکوێرەی مەتەڵێکی یاخی.

ئەمریکا چیە؟ شەیتانی بزورگ و قەڵای ستەم، یان فریادڕەس و ڕزگارکەر، ئیمپراتۆرێکی لوتبەرزی یاخیی لە یاسا و نۆرمە نێودەوڵەتییەکان، یان زلهێزێکی نەرم و نیان و بانگەشەکاری دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ؟ ئەمرکیا چیە؟ دەشێت ئەمە ئەو پرسیارە بێت کە نەتوانین لەیەک گۆشەنیگاوە لێیبڕوانین و بە دیدێکی هاوبەش وەڵامیبدەینەوە. بەڵام دەشێت هەمووومان هەرلە تیرۆرستێکی ئیسلامییەوە هەتا کۆمەنیستێکی دۆگما، هەرلە ئیسلامییەکی نیانڕەوەوە (ئەگەر شتێکی لەو جۆرە هەبێت) هەتا سەوزێکی ئاشتیخواز، کۆک بین لەسەر ئەوەی کە ئەمریکا بابەتی گرنگیپێدانی هەموومانە، ئەمریکا و کاریگەربوون بە ئەمریکا بەرجەستەکردنەوەی بوونی سیاسیی هەموومانە، کەسمان ئاژەڵی سیاسیی نین ئەگەر ئەمریکا بەشێک نەبێت لە بیرکردنەوە و تێڕامانی ڕۆژانەمان. کەسێک نییە لەسەر زەوی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەر ئەمریکا و ئایدیاڵەکانی نەکەوتبێت و نەکەوتبێتە یەکێک لەو بەهەشت/دۆزەخانەی ئەمریکا وەک خودایەک دەیانبەخشێت.

دەڵێن ئەم سەدەیە سەدەی ئەمریکایە، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەوا ناچارین پرسیارە "هاملێت"ییە بەناوبانگەکەی "شکسپێر" لەسەر شێوازی ئەمریکایی دابڕێژینەوە: چیتر پرسیارەکە ئەوەنیە هەبیت یان نەبیت بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە لەگەڵ یان لە لەدژی ئەمریکابیت، ئیدی ئەمە پرسیارەکەیە. ئەو پرسیارەی "ئێستا"یەکی کافکایی وەک پردێکی یەکلاکەرەوە لەنێوان ڕابوردوو و ئاییندە یان شەیتان و خودادا بنیاتدەنێت، چونکو ئەو جیهانەی پاڵەوانەکانی کافکا تێیدا گیرۆدەن جیهانێکە کە دەتوانرێت تێیدا شەیتان و ئەوجا خوداش بیت، جیهانێک کە کۆی مرۆڤایەتی لە ململانێکانی "مێژوو" خاڵیکراوەتەوە، چیتر ململانێکان لەنێوان هەمووماندایە بۆ لە ئەمریکاچوون، بەئەمریکاییبوون و هەماهەنگبوون لەگەڵ ئایدیاڵەکانی ئەمریکادا، بۆ جێگەگرتن لە دووانە دژبەیەکەکانی (دایکۆتۆمی) ئەمریکادا. ئەگەر ئەو تێگەیشتنە دروست بێت کە بانگەشە بۆ ئەم سەدەیە وەک سەدەیەکی ئەمریکایی دەکات، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەمە بەدەربڕینێکی تر بەواتای ئەوە دێت کە "ئێستا" ئێستایەکی ئەمریکیە. لێرەوە سەیرنیە کاتێک ئەمریکا ڕیسای گەمەکان دەنووسێت، جارێک ناویان دەنێت شەڕی دژە تیرۆر و جارێک خولیای بڵاوکردنەوەی دیمۆکراسی، ئەمریکا هەم ئاوازدەنەر و هەم مۆسیقاژەنە. بۆئەوەی لە دایکۆتۆمی بوون/نەبوون واتا لەگەڵبوون/لەدژبوونی ئەمریکاییدا جێگەی شیاو بگریت دەبێت بزایت چۆن بە تۆنە ئەمریکاییەکان هەڵدەپەڕیت.

هیچ شتێک لەوە گەمژەییتر نیە ململانێی ئەمریکا بکەیت، هیچ شتێکیش لەوە بەدبەختیتر نیە ببیتە جێی بایەخ و تێڕامانی ئەمریکا. گرنگ نییە ئەمریکا بۆ تۆ شەیتانە یان فریشتە، ئاوێنەی دۆزەخە لەسەر زەوی یان نمایشکردنی بەهەشتە لە "جیهانێکی کاتیی"، گرنگ ئەوەیە بزانیت چلۆن لەتەک ئەمریکادا مامەڵە دەکەیت، تەنانەت ئەگەر ئەم مامەڵەکردنە وەک تەوقەکردن بێت لەگەڵ ئەهریمەندا، ڕاموسانی کوڵمی دوژمن یان لەئامێزگرتنی دڕندە بێت، گرنگ ئەوەیە لەڕێگەی مامەڵەیەکی دروستەوە لەگەڵ ئەمریکا مانەوەی خۆت دەستەبەر بکەیت.

گەر بوویتە جێگەی بایەخی ئەمریکا و کاڵفامانە پەیوەندییەکانی خۆتت لەگەڵ ئەمریکادا لە هارمۆنی نیوان کۆیلە و سەروەرەوە گواستەوە بۆ پەیوەندیی ڕقی نێوان ئیمپراتۆر و دوژمنەکەی، ئەوا تۆ بەدەستی خۆت نامەی بەرلە خۆکوشتنی خۆت ئیمزا دەکەیت، نامەیەک کە کەس نایخوێنێتەوە، خۆ ئەگەر کەسێک خوێندییەوە ئەوا دەڵێت: ماڵوێران خۆیت ئەی گەمژە. ئەگەر ئەمریکا سەریکردە سەر هەر دەوڵەتێک و ئەو دەوڵەتە نەزانانە ئەمریکای تووڕەترکرد، ئەوا ئەمریکا ئامادەیە لوتی سەرۆکی ئەو دەوڵەتە بکات بە خرخاڵ — وەک بەشار ئەسەدی گەمژە هەموو سەروەرییە

یاساییەکانی وەک سەرۆکی دەوڵەتێک بخاتە ژێر قۆنەرە پاژنە بەرزەکانیەوە و پێ لەسەر لێکۆڵینەوە دابگرێت لەگەڵیدا. لای ئەمریکا سنوورنیە شایانی نەبەزاندن بێت، کاتێک تۆ هەستی ئەمریکات ڕووشاند، ناسکترین هەستی سیاسیی، ئەوا خۆ پەنهانکردن لەپشت هیچ پرینسپ و یاسایەکەوە دادت نادات. چونکە تێگەیشتنی ئەمریکا بۆ پرسنیپ هاوشێوەی تێگەشتنی "بیسمارک"ە بۆ پرنسیپ وەک ئەو "کەوشانەی تا پێویستمان بێت لەپێی دەکەین، کە پێویستمان نەما تووڕیان هەڵدەدەین". تێرامانی ئەمریکا و فەلسەفەکەی بۆ جیهانی دەرەوەی خۆی زادەی ئەو تێگەیشتنە "ڕیالیست"ەیە، کە مێژوونووسی گریکی ثوسیدیدەس، زانای سیاسیی ئیتاڵی ماکیاڤیلی و فەیلەسوفی ئینگلیزی تۆماس هۆبز ڕەنگڕێژی بوون، تێگەیشتنێک بۆ جیهانێکی ئەنارکی کە تێیدا دەوڵەتی سەروەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەخاتە پێش هەر پرنسیپ و یاسایەکەوە. هاوشێوە ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی و کەرامەتی خۆی ئامادەیە قەپۆزی هەر سەرکردەیەک بشکێنێت بەدەر لەوەی ئەو سەرکردەیە بۆ جەماوەرەکەی خۆی وەک خودا دەپەرسترێت یان وەک خودا خۆی دەسەپێنێت.

سەرکردایەتی کورد وەک فەرشفرۆش لەگەڵ ئەمریکادا مامەڵە دەکەن، ئەمە قسەی کارمەندێکی باڵای سەفارەتی ئەمریکییە لە بەغداد. پێموابێت زۆربەمان بەم گووتەزایە تووشی شۆکێکی کاتیی و دۆشدامانێکی کورت بووین. چونکە لە ناکاوێک پەیوەندیی دۆستانە و یەکسانمان لەگەڵ ئەمریکای "هاوپەیمانماندا" گۆڕا بۆ پەیوەندیی ئابووریانەی نێوان کڕیار و فرۆشیار، فەرشکڕ و فەرشفرۆش، پەیوەندییەک کە باڵادەستیی و دەوڵەمەندیی فەرمانڕەوایەتی نەک یەکسانیەکی مرۆڤانە. بەڵام پاشان تێگەیشتین کە هەر ئەوەندە دەکرێت لەگەڵ ئەمریکادا، تێگەیشتین کە ئەمریکا هیچی لەگەڵدا ناکرێت. ئەگەر بەو پێوەرانەی سەرەوە بێت — ئەگەر ئەوانە پێوەربن — ئەوا سەرکردایەتیی کورد شایانی ڕیزێک چەپڵەن، لەو ڕیزە چەپڵانەی لەم ڕۆژگارەدا تەنها لۆتییەکی دەنگگڕ شەرەفی وەرگرتنی هەیە، ئەوا سەرکردایەتیی کورد هەڵدەگرن دیسان دەهۆڵ و زوڕناکەمان بخەیینەوەگەڕ و دەفتەرێک دۆلاری ئەمریکایی پێشکەشی یەکێک لەو سەدەها لۆتییەی هەندەران بکەین تا سێپێیی هەڵمانپەڕێنن. فەرشفرۆشتن لەسەر شێوازی ئەمریکایی ناوازەترین، بەهادارترین و سوودمەنترین شێوازی فەرشفرۆشتنە، سەرکردە پێویستی بە مێژوویەکی درێژی ئەزموون هەیە تا ببێتە فەرشفرۆشێکی کارامە و بڕوانامە ئەمەریکاییەکەی وەرگرێت. ئەوەی دەبێت جێگەی تووڕەییمان بێت بێدەنگیی ئەو کەڵەنووسەرانەیە کە لە شیراتۆنەکان پاش چەندین ساڵ لە داهێنان پشوویەکی هێمن دەدەن، دەبێت تووڕەبین کە ئەم کەڵەنووسەرانە وتارە وروژێنەراکانیان نەخسۆتەتە خزمەتی ئەو سەرکردایەتییەی خەڵاتی باشترین فەرشفرۆشی وەرگرتوە.

کە ئەمریکا هاتەگۆ کەس نیە گوێ نەگرێت، لەهەمووان زیاتر گوێی فەرشفرۆشەکان بە ئاراستەی دەنگیی ئەمریکادا ئاوەڵایە، بێگوێترین سەرکردایەتی بۆ جەماوەرەکەی بۆ ئەمریکا گوێڕایەڵترین فەرشفرۆشە. ئەم فەرشفرۆشانە چاوەڕاونی دەرفەتی نوێن بۆ ئەوەی ببنە جێگەی باسی ئەمریکا، هەر کە ئەمریکاش دەمی هەڵهێنایەوە ئەم فەرشفرۆشانە لە حەوت جێ ملی خۆیان دەشکێنن. ئەو سەرکردایەتییەی ئامادەنییە یەک وشە لە کەس ببیستێت هەموو گووتەکانی سەرۆک بۆشیان ئەزبەرە و وشەیەکی بەفیرۆنادەن. نووسەرەکانی دەرباری ئەم فەرشفرۆشانە ئەگەرچی مەعریفەیان لەسەر ئەمریکا سەدان پلە لە ژێر ئاستی دەریادایە، وەلێ ئەمریکا یەک وشە لەسەر کورد بڵێ ئەمان بەدەیان میتۆد تیۆریزەی دەکەن، ئەمریکا بۆ هەڵخەڵەتاندن باس لە مافەکانی کورد بکات، یان بۆ گومڕاکردن چاوی بە سەرکردەکانی بکەوێت، ئەوا ئەم نووسەرانە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە زەرداوی ڕشانەوەکانیان ڕەشدادەگەڕێنن. ئەم نووسەرانە کە زۆربەی کاتیان لە شیراتۆن و هۆتێل و بارەکانی تری هەولێر و سلێمانی لە خزمەت سەرکردە فەرشفرۆشەکاندا بەسەردەبەن، یان سەرقاڵی چەپڵە لێدانن لەو فیستیڤاڵانەدا کە تەنها گەمژەیی و جویینەوە بەرهەمدەهێنن، هیچ ناڵێن تا ئەمریکا نەیەتە دەنگ. کە ئەمریکا هاتە دەنگ پێشبڕکێی ستوون نووسین دەست پێدەکەن، فیستیڤاڵی باشترین بروسکەی پاڕانەوە ناردن بۆ سەرکردە فەرشفرۆشەکان دەبەستن. کە ئەمریکا هاتە دەنگ سەرکردە فەرشفرۆشەکان دەکەونە خۆ و لە ماراسۆن لەگەڵ کاتدا هەوڵی دۆزیینەوەی دەریچەیەک دەدەن لەو قەیرانەی ئەمریکای تووڕەکردوە، قەیرانێک کە سەدەها

هاوارکرا و کەس نەیبیستن، بەڵام کە ئەمریکا هاتەگۆ کوڕ/کچم دەوێت بێدەنگ بێت، سەرکردەم دەوێت خواستەکانی ئەمریکا بەجێنەگەیەنێت.

بۆئەوەی لە مەزنیی پەیڤەکانی ئەمریکا و کاریگەریی سەرسوڕهێنەری لەسەر نێوەندی سیاسیی و ڕۆشنبیریی کوردی تێبگەین دەبێت نمونەیەکی کۆنکریت وەرگرین. بەوپێیەی دۆزی دکتۆر کەمال زۆری لەسەر گوتراو و زۆریش درێژەی کێشا هەموومان پێی ئاشناین. ئەم نمونەیە وەردەگرین بۆ سەلماندنی ئەو فۆبیایەی تووشی سەرکردایەتیی کورد بووە لە پاش بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتەی وەزاراتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ئەم دۆزە و پەیوەندییەکانی بە ئایندەی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤەوە لە عێراق. لە سێ مانگی ڕابوردوودا دەیان کەسایەتیی، ڕێکخراو، نووسەر و مرۆڤی دڵسۆز هاوارییان گەیشتە کەشکەڵانی فەلەک و نەگەیشتە سەرکردایەتیی کورد، ئەو سەدان پاڕانەوەنامەیەی نووسەران کە نەیاندەزانی بۆ و لە کێ دەپاڕێنەوە بەرلە خوێندنەوە تووڕهەڵدرانە نێو سەبەتەی زبڵی وەزارەت و نووسینگەکانی سەرۆکەوە. ئەو نووسەرانەی بە خۆیان و خەڵاتە شەرمهێنەکانیانەوە شەویان لەبەردەم نووسینگەی ئەم سەرۆک و ئەو وەزیردا ڕۆژدەکردەوە وەک هەمیشە دارێکیان بۆ لەسەر بەردێک دانەنرا و بەدەستی بەتاڵ و ڕووخسارێکی ڕەشداگەڕاو بە ئارەقەی شەرمەزارییەوە گەڕانەوە بۆ ژووری هۆتێلەکانیان. سەروڕهێنەرە ئەو ماوە درێژە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەک ئەوەی هیچیان نەبیستبێت بێدەنگ بوون و هەر شتێک پەیوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەبایە دەیانچەپاند و نەیاندەهێشت بگاتە گوێی جەماوەر، هەموو لایەنە پەیوەندییدارەکانی حکومەت هیچ ڕاگەیاندنێکیان لەسەر ئەم دۆزە بڵاونەکردەوە تەنها ئەوانە نەبێت کە بۆ چاوبەستی ڕای کوردی تاراوگە پۆزشی مناڵانەیان بۆ هەموو کەمتەرخەمییەکان دەهێنایەوە. بەڵام لەگەڵ بەدەنگهاتنی ئەمریکا هەموویان کەوتنەخۆ و دەستیانکرد بە قسە لەسەر ئەم بابەتە، حکومەتی هەولێر وەک ئەوەی تازە وەئاگاهاتبێتەوە بەڕەسمی بەیاننامەی دەرکرد، کۆمەڵێک نووسەری دەربار قەڵەمەکانیان لە زێراب و سەردابەکاندا هەرهێنایەوە و پاڕانەوەنامەی نوێیان ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی پارتی کرد و چەندین چالاکی سەرسوڕهێنەری تر دەستپێکرد، وەک ئەوەی بومەلەزەیەک لە عەقڵی هەموویاندا دەمارەکانی بێئاگایی هۆشیار کردبێتەوە هەموویانی هێنایەگۆ.

ئای لە مەزنیی پەیڤەکانی ئەمریکا کە وەک گڕکانێکی ناوەخت ویژدانی بیماری هەموو ئەوانەی ڕاچڵەکاند کە پێش دەنگیی ئەمریکا ویژدانیان خستبوە نێو سەفتەیەک دۆلارەوە و لەبەردەمی یەکێک لە زیندانە نهێنییەکاندا لەچاڵیان نابوو. ئای لە مەزنی تۆ ئەمریکا کە هەموومان، لە سەرکردەیەکی فەڕشفرۆشە هەتا نووسەرێکی جنێوفرۆشی خاوەن خەڵات، دەکەیتە مرۆڤی دیمۆکراتخواز و ئەڤینداری مافی مرۆڤ. گەلۆ ئەگەر ئەمریکا و پەیڤە پڕ لە هەڕەشەکانی نەبوونایە دڵنیابن سەدان مانگی تر کورد لە ورگی خۆی بدایە نە سەرکردە فەڕشفرۆشەکان دەیانبیستین و نە نووسەرەکانی دەربار لە بایەخی مەسەلەکە تێدەگەیشتن.

بەڵام بەرلەوەی ئەو نووسەرانەی پاڕانەوەنامەیان ئیمزاکردوە و ئەو فەڕشفرۆشانەی لەژێر فشاری ئەمریکادا ناچاربن شتێک بکەن و پاشان وەک سەروەری تۆماری بکەن، دەبێت ئێمە هەموو ئەو بیباکییەی نووسەران بەگشتی و ئەو بێگوێیەی سەرکردە فەڕشفۆشەکان بخەینە ژێر پرسیارەوە. هەمووما‌ن دەزانین ئەم سەرکردانە زۆر لەوە سەرقاڵترن گوێ لە ئێمە بگرن، دەزانین ئەم سەرکردانە ڕۆژی سەدان فەڕشی نایاب، قاڵیی عەنتیکە و لبادی تۆحفەئاسا بەسەر کڕیارەکانیاندا ساغدەکەنەوە، دەزانین ئەوان ڕۆژانە دەیەها ملیۆن دۆلاریان هەیە بۆ ژماردن و ناردنەدەرەوە بۆ بانکەکانی ئەوروپا و ئەمریکا، بەڵام ئەوانیش دەبێت بزانن کە وەک سیاسیی و سەرکردە جەماوەری کوردستان چاوەڕوانیی گوێگرتنیان لێدەکەن، چونکە دواجار سەرکردەی بێجەماوەر یان دیکتاتۆرێکی ئەنفالچییە و لە ڕێگەی ترسەوە مانەوەی خۆی دەستەبەر دەکات، یان زیندان نیشتیمانی هەمیشەییەتی وەک میلۆسۆڤیچ و سەدامە ڕوومەت ماچکراوەکەی لەمەڕ خۆمان. هاوکات ئێمە هەمووما‌ن دەزانین نووسەران سەرقاڵی خوێندنەوەی تازەترین تێکستن لە بوارەکانی خۆیاندا، سەرقاڵی وەرگێڕانێکی دەستەپارچەی کۆمەڵێک دەقی سەقەتی فارسی و عەرەبین، دەزانین ئەم نووسەرانە دەست و

پەنجایان نەماوە ئەوەندەیان چەپڵە کوتاوە لە فیستڤاڵ و کۆڕی پیاهەڵداندا، دەشزانین ئەم نووسەرانە بە مانگ سەرە دەگرن بۆ بینینی سەرکردەیەکی فەرشفرۆش تا لە قازانجی دوا بارە قاڵیی و فەرش مشتێک دۆلار ڕۆبکاتە دەستی سواڵیان لە پاداشتی زاری پڕ لە ستایشیان. بەڵام لانیکەم ئەم نووسەرانە دەبێت بۆ مانەوەی خۆیان شتێک بە خوێنەرەکانیان بڵێن، یان خوێنەر بۆ ئەمان ئەوەندەی سەرکردەیەکی نەخوێندەوار بایەخی نییە.

لە کۆتاییدا پاش بەدەنگهاتنی ئەمریکا بەستەڵەکی بێدەگیی و بێباکی شکا، ئەوجا پێشبڕکێی سەروەری تۆمارکردن دەستپێدەکات. ڕدێن سپیی، قەڵەمکێش و کوڕە خانەدانەکان بە جەڵەبە مەڕ، فەردە گوێز و ستایشەشیعرەوە ڕوو لە سەرکردە فەرشفرۆشەکان دەکەن و پێیان دەڵێن: دەستی داهێنانمان دامێنی بەهرەی فەرشفرۆشییتان بەزەییەک...گەورەم، ئەزبەنی ئەی سەروەرم بەزەییەک...ئەی ئەو پیاوانەی لەسەروو ئایین، مرۆڤ، یاسا و خوداوەن سۆزێک...بەزەییەک. ئەم جۆرە لە پاڕانەوە و وەفد ناردن لەپێناو هەر شتێک و لەژێر هەر بیانویەکدا بێت، پتەوکردنەوەی بنەماکانی دەسەڵاتی خێڵەکییە و زیندووکردنەوەی جەستەی مردارەوەبووی دابونەریتی سەردەمی میرنشینەکانە، چونکە ئەو کاتیش نووسەرەکانی دەربار هەمان ڕەوشتی پاڕانەوەی نووسەرەکانی ئەمڕۆیان هەبوو، ئەوەی گۆڕاوە دەفتەرە دۆلارە کە جێگەی توورەکە زێڕی گرتۆتەوە. ئەگەرچی ئەمریکا هاتۆتەدەنگ و پێویست بەپاڕانەوە ناکات بەڵام سپینوزا گووتەنی ئەم چاوبرسی، شایەر و کەللەپوتانە بڕوایان وایە ڕزگاری ڕەها لە پڕکردنی گەدەی بۆگەن و توورەکەی چڵکنی پارەکانیاندایە.

06/01/13

ئۆکسفۆرد ئینگلاند